# تەفسىرى ئايەتى: { قل إن كنتم تحبون اللّٰه فاتبعوني ... }

[ بە كوردى ]

تفسير الآية: { قل إن كنتم تحبون اللّٰه فاتبعوني ... }

[ باللغة الكوردية ]

نوسـينى : عبدولسـەلام موحەمەد پشـدەرى
الكاتب : عبدالسـلام محمد بشـدري

پێداچونەوە: پشـتيوان سـابير عەزيز
المراجعة:بشـتيوان صابر عزيز

نوسـينگەى ( رەبوەى ) هەرەوەزيى بۆ بانگەواز و وشـياركردنەوەى ڕەوەندەكان لە شـارى ڕياز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة
بمدينة الرياض

**2009 -1430**

islamhouse.com

# تەفسىرى ئايەتى: { قل إن كنتم تحبون الله فاتبعوني ... }

أعوذ بالله منَ الشيطان الرجيم : { قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ } (آل عمران: ٣١) .

ئەم ئايەتە پیرۆزەسەنگی مەحەکەلەسەر ئەو کەسانەی کەبانگەشەی خۆشەویستی ڕێبازی خوای گەورەدەکەن لەگەڵ ئەوەشدا پەیرەوی ئەو ڕێبازەی کەمحمد المصطفی هێناویەتی ناکەن، ئەمانەئەو کەسانەن کەدرۆ دەکەن لەگەڵ باوەڕەکەی خۆیاندا، چونکە خۆشەویستی ئاینەکەی خوای گەورە کەئیسلامە وەستاوە لەسەر پەیرەوکردن وشوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا ( صلی اللّٰه علیه وسلم ) لەووتار وکردار وتەوای چەمکەکانی ژیانی پێغەمبەر، هەروەك چۆن لەفەرموودەیەکی سەحیحدا هاتووەکەدەفەرموێت : " من عمل عملا ليس عليه أمرنا فهو رد " واتە: هەرکەسێك هەر کارێك بکات لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا نەبێت ئەوەلێی وەرناگیرێت ودەدرێتەدواوە، مەبەست لەمەش ئەوەیەهەرکەس ڕازیەبەوەی کەئاینی پیرۆزی ئیسلام ڕێبازی بێت وپێغەمبەر (صلی اللّٰه علیەوسلم ) پێشەوای بێت دەبێت سەربەخۆی خۆی شتێك لەم دینەدانەهێنێت کە پێغەمبەر (صلی اللّٰه علیەوسلم ) فەرمانی پێ نەکردبێت، یان پێی ڕازی نەبووبێت، چونکەگومان لەوەدا نیەمحمد المصطفی کەپەیوەندی ڕاستەوخۆی بەئاسمانەوەهەبووە، خیانەتی نەکردوەلەگەیاندنی

ئەركی سەرشانی خۆی لەو ئەمانەتەگەورەیەی كەپێی سپێررابوو، كەواتەناگونجێت كەسێك بێت وشتێك كەم یان زیاد بكات لەئیسلام بەبیانووی ئەوەی ( بدعەیحەسەنەیە) چونكەبدعەلەئیسلامدا بەتایبەتی لەكاروباری عبادەت وپەرستندا بەهەموو شێوەیەك دەدرێتەدواوەولەخاوەنەكەی وەرناگیرێت چونكە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) دەفەرموێت : ( كل بدعة ضلالة ) واتەهەموو داهێنانێك لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا گومڕاییە .

كەواتە لەمەوە ئەوە فێر دەبین ئەگەر ئێمە خوای گەورە وبەرنامەكەیمان خۆش دەوێت ئەبێت بەهەموو شێوەیەك تەسلیمی فەرمانەكانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) ببین هەروەك لەسورەتی حەشردا خوای گەورەدەفەرموێت : { وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا } (الحشر: من الآية٧).

واتە: ئەوەی پێغەمبەر فەرمانتان پێ دەكات دەستی پێوەبگرن وئەنجامی بدەن، ئەوەشــی قەدەغەتان لێ دەكات وازی لێبهێنن .

لەئەنجامدا دەگەینەئەوەی خۆشەویستی خودا بەبێ شوێن كەوتنی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) بەدەست ناكەوێت، دیسان خوای گەورەش كەسی خۆش ناوێت بەبێ شوێن كەوتنی پەیامبەرەكەی هەروەك دەفەرموێت : { قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ } (آل عمران: من الآية٣١) هەركاتێك شوێن فەرمان وڕێنومایەكانی محمد المصطفی كەوتن ئەوەبێگومان خۆشەویستی منیشتان مسۆگەر كردوە.

حەسەنی بەصری و کۆمەڵێکك لەسەلەف ( ڕەحمەتی خوایان لێ بێت ) دەڵێن : کۆمەڵ وهۆزێك لەعەرەبەکان وا گومانیان برد کەخوایان خۆش دەوێت پەروەردگاریش بەم ئایەتەپیرۆزەتاقی کردنەوە :{ قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ } (آل عمران:٣١).

لەکۆتای ئایەتەپیرۆزەکەدا خوای گەورەدەفەرموێت : { وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ } (آل عمران: من الآية٣١)

لەبەرامبەر شوێن کەوتنی رێبازی ئیسلام بەپێي ئەو ڕێنومایانەی کەپێغەمبەری ئازیز ( صلى الله عليه وسلم ) هێناویەتی، مرۆڤی موسڵمان دوو پاداشتی گەورەی دەست گیر دەبێت یەکەمیان وەك ووتمان خۆشەویستی خوای گەورەبۆ ئەو کەسە،ئەمەش بەهێچ شتێك بەرامبەر ناکرێت، چونکەبێگومان کەسێك خوای گەورەخۆشی بوێت دیارەکەپاداشتی گەورەی لەبەهەشتدا بۆ ئامادەکردوە، دووەمیشیان ئەوەیەخوای گەورەلەگوناهەکانی خۆش دەبێت، بەو مانایەئەگەر کەسێك خوای گەورەکردی بەخۆشەویستی خۆی لێشی دەبورێت و چاوپۆشی لەهەڵەوتاوانەکانی دەکات ، لەبەر ئەوەی ئەو زاتەبەر زو پیرۆزەخاوەنی دوو سیفاتی زۆر جوانە کەئەوانیش ( غفور ) واتەزۆر لێبووردەو لێخۆش بووە، وە( رحيم ) واتە : خوای گەورەزۆر بەڕەحم و میهرەبانەبەرامبەر بەبەندەکانی .

هەموو ئەم پەڵێنانەکەخوای گەورەداویەتی بەئیمانداران لەبەرەکەتی شوێنکەوتنی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) وەدەست دەکەوێت ، سەرفرازی دونیا ودواڕۆژیش هەر بەندەبەئەمەوە، بەپێچەوانەشەوە پشت هەڵکردن لەبەرنامەو

ڕێبازەکەی خوای گەورە کوێرەوەری دونیا ودواڕۆژیشی بەشوێنەوەیە خوا پەنامان بدات، وەك دەفەرموێت :{ وَمَنْ أَعْرَضَ عَنْ ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنْكاً وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَى } (طـه:١٢٤) .

واتە: هەرکەس پشت لەیاد وذکری من هەڵ بکات ئەوەلەدونیادا ژیانێکی ناخۆش و پڕ چەرەمەسەری دەبێت، هەروەها لەپاشەڕۆژیشدا بەکوێری حەشری دەکەم .

خوای گەورەپەنامان بدات وە لەو کەسانەمان نەگێڕێت، وەبەڕەحم ومیهرەبانی خۆی بەشوێن کەوتەی پێغەمبەرەکەیمان قبوڵ بفەرموێت ( ئامین یا رب العالمین ) .

وصلى الله وسلم على رسول الله وال بيته الطاهرين
وأصحابه الغر الميامين